# له کۆچی دوایی مامۆستا کەریمی حیسامی



له رۆژی شەممە (٦) ی ئەم مانگەدا هەواڵی کۆچی دوایی رووناکبیر و سیاسەتمەدار و تێکۆشەرو کەسایەتی کوردستانی مامۆستا کەریمی حیسامی له نێوەندە رۆشنبیری و راگەیاندنەکانی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات بڵاو بۆوە، دڵە گەورەکەی مامۆستا حیسامی له تەمەنی (٨١) ساڵیدا له ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید له لێدان کەوت و سەری پڕ له حەسرەتی نایەوە و هیواو ئومێد و خۆزگەکانی بۆ ئایندەی نەتەوەکەی ئۆخژنی پێنە بەخشی و سپاردیە ئەم نەوەیە. ئەم نەوەیەی بەعیشقەوە دەڕوانێتە ئایندەی نەتەوەکەی و هەوڵدەدات جوڵانەوە رۆشنبیرییەکەی خۆی جۆش بدات و هەموو ئەو کەلتوورە رۆشنبیرییەی لەمەوبەری بکاتە زەوینەیەکی مکوم و رەگازۆ بۆ دواڕۆژێکی ئاسۆ بەخش.

## فەیسەڵ دێهاتی

هەڵبەت مەرگ پرۆسەیەکی حەتمیە و رووبەڕووی هەموو بوونەوەرێک دەبێتەوە، مەرگ هاوکێشەیەکی ئاسایی بوون و وەڵامدانەوەی بوونە، مەرگ بە مانا سروشتییەکەی بۆ هەموو کەسێک یەک پێناسە هەڵدەگرێت، بەڵام بۆ رووناکبیران و هزروانان و نووسەران له مانایەک زیاتر دەبەخشێت، کۆچی دوایی مامۆستا کەریمی حیسامی له نێو بزاڤی رووناکبیری و سیاسی و نێوەندە کلتوورییەکان تەنیا مەرگی جەستەییە و چونکە هەمیشە روحی حیسامی له نێو کتێبخانەی هەموو رۆشنبیرێک ئامادەیە و بەردەوامی بە ژیانی خۆی دەدات.

مامۆستا کەریمی حیسامی له گەشتی ژیوان هاتنە وجود و ماڵئاواییکردن تەمەنی خۆی ئاسایی بەسەر نەبرد، بەڵکو تەمەنێکی پڕ له خەبات و تێکۆشان و وچان نەدان و داهێنان بوو، جگە له خەبات و تێکۆشانی سیاسی شۆڕشگێڕانە کۆمەڵێک بەرهەم و نووسین و وەرگێڕانی له دوای خۆی جێهێشت و زۆربەی هەرە زۆریشیان چاپ و پەخشکراون لەوانە (نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی له دوو توێی دەبەرگدا، کە سەرجەم رووداوو و بەسەر هاتە شەخسی و سیاسییەکانی خۆی تێدا تۆمار کردووە و هەر له میانەی گێڕانەوەی یاداشتەکانی رووداو و بەسەر هاتە مێژووییە سیاسییەکانی نەتەوایەتی تۆمار کردووە، کە ئەمەش دەبێتە بەشێکی هەرە زیندووی نووسینەوەی مێژووی نوێی نەتەوایەتیمان .

خوالێخۆشبوو مامۆستا حیسامی کتێبێکی دەربارەی حوکمی زاتی و مافە سەرەتاییە رۆشنبیری و نەتەوەییەکان نووسیوە، دەکارێ بۆ هەر وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە مەزهەب کەڵکی لێوەرگیرێت و بکرێتە رێنماییکارەکانی رێکەوتنی دەسەڵات و کۆمەڵگای فرە رەنگ و فرە دەنگ. بۆ ئەمەش له روانگەیەکی زانستیانەوە مامەڵەی لەتەک بیرو دیدو بۆچوونەکان کردووە و لەگەڵ روحی سەردەمدا گونجاندوویەتی. هەروەها مامۆستا کەریمی حیسامی کتێبێکی مێژوویی دەربارەی مێژووی ئێران بە ناوی پێداچوونەوە نووسیوە، لەم کتێبەدا چەندەها هاوکێشەی پێکەوە گرێدراوی نەتەوەکانی ئێران له سەردەمە جیاجیاکاندا لێکدەداتەوە. پەیوەندی دیالەکتیکیانەی مێژووی هاوبەش، روانینی جیاجیا بۆ ئەم پەیوەندییە له روانگەی بیری جیاجیای ئەوێ رۆژان و هەمدیس ئەم سەردەمە.

بادانەوە کاتێبێکی دیکەی مامۆستا حسامیە، مامۆستا کەریمی حیسامی له بواری وەرگێڕانیش دەستێکی باڵای هەبوو وەک وەرگێڕانی رۆمانی دایک، رۆمانی ئازادی یا مەرگ.

جگە لەمەش مامۆستا حیسامی له وڵاتی سوید مانگنامەیەکی بە ناوی (سەردەمی نوێ) بە هاوکاری د. جەمشید حەیدەری دەردەکرد و (٥٤) ژمارەی لێدەرچوو.

بێگومان لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆدا کۆچی دوایی مامۆستا کەریمی حیسامی خەسارەتێکی گەورە و دیار و بەرچاوە له بزاڤی رووناکبیری و مێژوویی ئەم قۆناغەی کورد، بە تایبەتیش له سەردەمێکدا کە دونیا پێی ناوەتە سەردەمێکی دیکە و بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردستانیش بە ئەزموون و تاقیکردنەوەیەکی هاوسەردەمدا تێدەپەڕێت کە هەموو چەمکەکانی خەبات و تێکۆشان گۆڕانیان بەسەردا هاتوون.

له مڕۆدا بزاڤی رۆشنبیری و رزگاریخوازی گەلی کورد پێداویستی بە ئەزموون و دیدو بۆچوون و ئەو ئەرشیفە دەوڵەمەندەی مامۆستا حسامیەوە هەبوو، بە مەزەندەی ئێمە هێشتا مامۆستا حیسامی زۆری لاما بوو بینووسێت، بیدرکێنێت ، راکانی خۆی سەبارەت بە رابردوو، ئێستا ، ئاییندە، دەربڕێت و لێکدانەوەکانی خۆی بنوسێتەوە. هەروەها ئەو توانا لەبن نەهاتووە و ئەو قەڵەمە بە برشتەی زیاتر له بوارەکانی ئەدەب و وەرگێڕان و مێژوودا بتەقێنێتەوە، هەرچەندە له رووی تەمەن مامۆستا حیسامی بەرەو ژوور هەڵگەڕا بوو، بەڵام بۆ خەرمان بەرەکەتی ئەو هێشتا زوو بوو.

گیانی بە بەهەشت شاد بێت.